# پەردەی کچێنی دەستکرد

# لەنێوان بڵاوبوونەوەی بەرەڵایی و سپی کردنەوەی ئابڕووی کچ

**هیوا قادر زادە**

کچان بەر لەوەی بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری دەرچەی (زێ)یان لەدیوی ناوەوە بەئەلقەیەکی پەردەیی لینج دادەخرێت ئەم پەردەیەش بە (پەردەی کچێنی) ناودەبرێت. ئەم پەردەیە بریتیە لەپەردەیەکی تەنکی پێستی و جیاوازییەك لەنێوان سێ یەکی دەرەوەو سێ یەکی ناوەراستی (زێ) دروست دەکات. لەناوەراستیشیدا کونێك هەیە بۆئەوەی رێگا بەخوێن بدات لەکاتی سووری مانگانە ( Menstural Cycle) لەمنداڵدانەوە بێتە خوارەوە، شێوەکانی (پەردەی کچێنی) بەپێی جۆری کونەکانی ناودەبرێت وەك (ئالقەیی، هیلالی، بێژینگی... هتد).

### لەدسەتدانی پەردەی کچێنی

چەردەی کچێنی هەر لەکۆنەوە لەزۆربەی بیروباوەرەکان بەپیرۆزو پاکی کچ سەیرکراوە، ئێستاش لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکان ئەم پەردەیە رووسپی کچە دیاری دەردەخات، لەیەکەم شەوی شووکردنیداو دوای کرداری جووت بوونیش ئەگەر خوێن بیندرا ئەوکات کچ دەتوانێت شەرەفی خۆی و خێزانەکەی بەرز رابگرێت، بەڵام لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بەشێوازێکی بێ بایەخ سەیری پەردەی کچێنی دەکرێت و ئەو گرنگی پێ نەدراوە وەك ئەوەی لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان، هەر بەهۆی لەدەستدانی پەردەی کچێنی دەیان و سەدان کارەساتی کوشتن و هەڵاتن و رەدووکەوتن روویانداوە. چونکە کچە بەر لەشووکردن و لەدەرەوەی سنوری خێزان و شەرعی رێگاپێدراو کرداری سێکسی لەگەڵ کراوە.

پەردەی کچێنی لەکاتی شوکردن بەئاسانی و بەبێ ئازارێکی زۆر لەیەکەم کرداری جووت بوون، دەدرێت و پێویستیشی بەهەوڵ و ماندووبونێکی زۆرنیە وەك ئەوەی هەندێك لەگەنجان بیری لێدەکەنەوە. لەیەکەم کرداری جووت بونیشدا مەرج نییە کچ خوێنێکی زۆری لەبەر بڕوات، چونکە بەپێی جۆری پەردەکە خوێنەکە دێتە خوارەوە، لەهەندێك حاڵەتیشدا لەوانەیە خوێنهاتن هەر روونەدات.




### پەردەی کچێنی دەستکر لەبازارەکاندا

بەهۆی زیادبوونی لەدەستدانی پەردەی کچێنی لەلایەن کچانی شوونەکردوو، جووت بوون لەدەرەوەی سنووری خێزان و لەدەستچوونی شەرەف بەمانای کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکە، کچان هەوڵ دەدەن ئەم پەردەیەیان بەهەر نرخێك بێت دەست بکەوێتەوە، ئەمە هەلێك بوو کە کۆمپانیا چینیەکان هەستن بەدروستکردنی پەردەی کچێنی دەستکرد بۆ ئەوەی ئەو کچانەی دەیانەوێت شووبکەن و لەشەوی یەکەمی بووکێنیشدا فێل لەزاوا بکەن، کە خۆیان بەپاکیزە نیشان بدەن، دوای ئەوەی بەهەر هۆکارێك بێت پەردەی کچێنی لەدەستداوە.

وولاتانی (سوریا)و (میسر)یش یەکەم دوو وڵاتی عەرەبی بوون کەبابەتی (پەردەی کچێنی) دەستکرد بووە هۆی جێگای مشتومرێکی زۆر تیایاندا، ئەم بابەتەش لەلایەن هەر یەکە لە (cnn)و رۆژنامەی (الیوم السابع)ی میسری و وەکالەتی (دی پرێس) باسیان کرد.

### بە ١٥ دۆلار کچێنیت بگێرەوە!

ئەو بەرهەم چینیە کە بریتیە لە (پەردەی کچێنی دەستکرد) کە لەم دواییە دروستکراوە، لەبازارەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی دەستی بەبڵاوبونەوەکرد بەشێوەیەکی رێگا پێ نەدراو، هەر لەبانگەشەی ئەم بەرهەمە چینیەدا هاتووە (لەماوەی پێنج دەقیقە پاکیزەییت بگەرێنەوە، بە ١٥ دۆلارو بەبێ نشتەرگەری، بەبێ دەرزی، بەبێ دەرمان و کاریگەری لاوەکی).

کەسایەتیە ئاینیەکانیش رایگەیاندووە: (بەهیچ جۆرێك بۆ ژنان و کچان دروست نییە ئەم پەردەیە بەکاربهێنن، بەڵکو حەرامەو پێویستە لایەنی بەرپرس رێگا بەکرین و فرۆشتنی نەدات چونکە هەلێکە بۆ فەسادی و بلاوبونەوەی خراپە).

### زیانەکانی پەردەی کچێنی دەستکرد

بەپێی قسەی پسپۆرانی تەندروستی لەبواری ژنان و منداڵ بوون، پێکهاتەی پەردەی کچێنی دەستکرد دەبێتە هۆی دروست کردنی چەندین زیان، ئەم پەروەردە دەستکردە وەك تەنێکی بێگانەیە لەلەشی ژن و لەوانەیە ببێتە هۆی هەوکردن لە (زێ)ی ژن، هەروەك لەوانەیە ئەم پەردەیە هۆکارێك بێت بۆزیادبوونی رژێنەکانی (زێ). لەوانەشە زیادبوونی هەوکردن لەم ئەندامەی ژن بگاتە ئاستی نەزۆکی بەهۆی گیرانی (بۆری فالوب) کە ئەم بۆریەش ئەرکی بریتییە لەگواستنەوەی هێلکەی پیتێندراو بۆ منداڵدان.

چەند حالەتێکی بەکارهێنانی ئەم پەردە دەستکردەش بیندراوە کەگرفتی بۆ کچ دروست کردووە، یەکێکیش لەپێگە ئەلیکترۆنیەکان چیرۆکی کچێکی بلاوکردووەتەوە کە (رۆژی شووکردنەکەی پەردەی کچێنی دەستکردی داناوە، کەچی دوای درانی پەردەکە شلەیەکی رەنگ سووری بۆن ناخۆش و سەیر هاتووەتە خوارەوەز بۆرۆژی دواتر کچەکە دووچاری هەڵئاوسانی لەشی بووە لەگەڵ ئازارێکی زۆر، لەگەڵ پشتگوێخستنیش دووچاری پەتای بەکتریای بووە لەهێلکەدانەکانی دوای یەك ساڵیش لەهاوسەرگیری دووچاری نەزۆکی بووە).

### چەند زانیارییەك لەسەر پەردەی کچێنی

- لەگەڵ یەکەم کرداری جووت بوون ئەم پەردەیە دەدرێت، ئەویش لەرێگەی چوونی شتێك بۆ نێو (زێ)، وەك چووك یاخود چەنجە یانیش هەر شتێکی رەق.
- لەوانەیە لەهەندێك حالەتی دەگمەن پەردەی کچێنی لەیەکەم شەوی بوکێنی نەدرێت بەڵکو پێویستی بەچەند هەوڵێکی دیکە هەبێت.
- ئەم پەردەیە دەکەوێتە قوڵی ٢سم لەرووی لچەکانی (زێ).
- بەشێوەیەکی سروشتی ئەم پەردەیە کونێکی لەناوەڕاستدا هەیە.
- وەرزش کردن نابێتە هۆی لەدەستدانی پەردەی کچێنی مەگەر لەحالەتی زۆر دەگمەن نەبێت.
- لەدوای یەکەم جووت بوون هاوسەران ئامۆژگاری کچ دەکرێت کە ئەم ناوچەیە بەئاو صابون بشوات لەرووی دەرەوە.

### پێشکەوتنی زانستی و زیادبوونی گرفتەکان

گەرچی پێشکەوتنی زانستی لەزۆر رووەوە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام لەهەندێك لایەندا ئەگەر بەهەستیاری مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت کێشەو گرفتی تەندروستی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات. بابەتی پەردەی کچێنی دەستکردیش لەڕوویەکەوە لەوانەیە هۆکارێك بێت بۆ زیاتر بلاوبونەوەی کاری خراپ و لەدەستدانی پەردەی کچێنی سروشتی کە بەلگەیە لەسەر پاکیزەی کچ لەکاتی شوکردنیدا.

## نەخشەی مەرگ



**فەرید مەخمووری**

**دەکرێ بێ هیچ پرس و رایەك**
**سەفەربکەیت و**
**سەری تەنیایی هەڵگری**
**لەمێژگردی عاشقاندا، توندڕەوی**
**سەرنج و ڕای خۆت دەربڕی**
**ڕێگات دەدەم**
**پێبکەنی، یاخود بگری**
**تۆ، قەیناکە**
**هەر شتێ دەکەی ئازاد بە**
**بەڵام نەکەی بێ من بمری ))**

## وتە جوانەکانی ژیان

- * ئەوەی تەنیا بۆخۆی بژی مافی ژیانی نییە.
- * ئەوەی دوێنێ لەبیر بکات ناگاتە سبەینێ.
- * ئەوپەری حیکمەت لەخواترسانە.
- * جوانترین شت لە دونیا (دونیا)یە.
- * هەموو رۆژێك ماسییەکم پێ مەدە، بەڵکو فێرم بکە چۆن ماسی راو بکەم.
- * ئەگەر پارە خۆشیت بۆ پەیدا نەکا، ئەوا ناخۆشییەکانت بەتام دەکا.
- * ئەو هەژارانەی یەکتریان خۆشدەوێ دەولەمەندن.
- * خۆزگە مەخوازە، بەڵکو هەولی بۆ بدە.

## گەشتێك بەنێو هۆزو عەشیرەتەکاندا

**عەباس سلێمان سمایل**

**نانەکەلی:** هۆزی نانەکەلی یەك لەهۆزە کۆنەکانی دەشتی هەولێرە، زێدی کۆنیان دینەوەرو بیلوارەو لەسەر مەزهەبی (حەقە)ن، نزیك بەزاراوەی کەلهوڕ قسەدەکەن، هەندێك وای بۆ دەچن کە نانەکەلی واتای هۆزانی گەمێن یا ئەوانەی کە هاتوچۆی کوێستان دەکەن، کەچی هەندێکی دیکە وای بۆ دەچن نانەکەلی هەموویان رەوەندو کۆچەر بووینەو نانەکەیان کەل و پارچە کردووە بۆ ئەوەی بیانخەنە تورەگەکانیانەوە، بۆیە پێیان ووتونە نانەکەلی. ژمارەیەکیش لەم هۆزە لەسەردەمی زەندییەکان چوونەتە شیرازو ژمارەیەکیشیان بەکۆچەری و رەوەندی هاتوون و لەدەشتی هەولێر جێواربوون.

**کاکەیی:** کاکەیی بریتیە لەکۆمەڵە هۆزێك، خاوەن ئاینێکی کۆنی کوردن، زێدی کۆنیان، ناوچەکانی نێوان سنەو کرماشان و هەمەدانە، لەوانە بەشێك لەهۆزانی کەلهوڕو سنجاوییە، هەندێ لەمێژوونووسەکان وای بۆدەچن کە (کاواز کوڕی فەیرۆز) دامەزرێنەری میرنشینی شارەزوور کاکەیی بووەو بابائەردەلانی دامەزرێنەری ئیماراتی ئەردەلانیش کاکەیی بووە. دوای ئەوەی ئیمارەتی شارەزوورو ئەردەلان لەناودەچن ژمارەیەکی زۆری کاکەیی لەزێدی خۆیان ئاوارە دەبن، دوای نەمانی ئیمارەتی بابانیش ژمارەیەکی دیکەیان لێ ئاوارە دەبن هەندێکیان دەگەنە شەمامك و دەوروبەری رووباری خازرو شارۆچکەی تەلەعفەر.

کاکەیی هەرچەندە لەژمارەیەك هۆزی لوڕو گۆران پێکهاتووە، بەڵام پێموایە کاکەیی لەبنەڕەتا گەلی کۆنی کوردستان (کاکۆیی)بن کە بەناوی خوداوەندەکەیان (کاش-کاشی یا کاسی) ناسراون. کاکەیی لەدەشتی هەولێر لەگوندی (سفەیە، مەتراد جێوارن، جاران لەگوندی سورێژەو مەلاعومەرو فەتحاوە)یش جێواربوون.

**سارەیی:** هۆزێکن لەسالح ناوێکەوە بەپاش کەوتوون، بەڵام روون نییە کە سەر بەچ هۆزێکن سەرەتا لەناوچەی شوان ی کەرکوکەوە چوونەتە دەشتی هەولێر، لەگوندەکانیان ماجد، مەلاقەرەو... هتد.

**ئۆمەربل:** هۆزێکی گەورەو کۆنی دەشتەکەیە، لەگوندەکانی شەمامك و کەندێناوەو ملکیەو قەراج بلاوبونەتەوە، لەگوندەکانیان (تیمار، تۆبزاوە، گردەشینە، دووگردکان، گردەرەشەی گەورە..).

## زاری کرمانجی دەشتی قەراجو کەندێناوە

**نیاز عەبدولقادر شەناغەیی**

١ - بەرامپیل: پارچە قوماشێکی بۆری چوارگۆشەیە، (تێلەکێش) لەخۆی دەپێچێ بۆ پاراستنی لەزبل و زار.

٢ - بابان کۆر: سەرزەنشت کردنە، بەمانای (کەست نەمێنێ) ئافرەت بەکاری دەهێنێ.

٣ - زگورتی: تەنهایی، رەبەن، بەکەسێکی بێ ژن و ماڵ بێ.

٤ - ترخێنە: سلق و گەنم و دۆ، تێکەڵ بەیەك دەکرێ ئینجا دەکولێنرێ دواجار بەساردی دەخورێ.

٥ - راموسان: رابواردنی دوو دڵدارە، لەکاتی بەیەك گەیشتنیان.

٦ - چەمووش: بەو (جاشکە) بێچوی کەرە دەگوترێ کە هێشتا پشتی نەکراوەتەوەو نابی کەس سواری شتی بێ.

٧ - چەرخوس: جۆرە خواردنێکە خەلك لەزەمانی گرانی دەیانخوارد، ئەمەش بەر لە وشك بوونەوەی فەریکە جۆ دەیانهاڕی.

٨ - سولاوکە: کونێکە یان بۆرییەکی تەنەکەیە لەسەرەوەی هەریەك لەژووری خانووی لادێکان دروستکراوە بۆ ئەوەی ئاوی بارانی پیادا بێتە خوارەوە.

٩ - فتیلە: پارچەیەکی کورتە لەبەن دروستکراوە، دەخرێتە ناو گیزەی فانوس و لامپاوە، لای سەرەوەی دادەگیرسێنرێ بەمەبەستی رووناك کردنەوە.

١٠ - کیژخان: ناوی ئافرەتانە، ئەو کچە دەگوترێ کە لەناو خێزاندا خۆشەویستە.

**کاوڕ:** خۆت دەرباز بکە لەو دوودڵییەی تێی کەوتوویت، زیادەڕەوی مەکە لەهەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆت، کارەکانت بەباشی رابپەڕێنەو ئەرکەکانی سەرشانت کەڵەکە مەکە.

**گا:** گرنگە هەوڵ بدەیت لەکاتی گونجاودا بڕیاری گونجاو بدەیت، گرنگی بەهاوڕێکانی بواری کارەکەت بدە، پێویستت بەهاوکاری کەسانی تر هەیە، لەڕووی سۆزدارییەوە نائارام دەبیت.

**جمك:** پەیوەندییەکانی بواری کارەکەت لاواز دەبن، گوێ بەقسەی خەڵکی مەدەو لەسەر پرۆژەکانی خۆت بەردەوام بە، لەڕووی سۆزدارییەوە ئاسوودە دەبیت و هاوڕێکانت متمانەت پێدەکەن.

**قرژاڵ:** متمانە بەهەموو کەسێك مەکە، تارادەیەك هەست بەدوودڵی دەکەیت، چەند پرۆژەیەکی گرنگ لەژیانتدا بەڕێوەیە، دەستکەوتی دارایت دەبێت، ئاگاداری تەندروستیت بە.

**شێر:** لەکەسوکارو هاوڕێکانت دوورمەکەوەرەوە، باری دارایت جێگیرەو دەستکەوتی زیاتر بەڕێوەیە، ئەو ئامانجانەی پلانت بۆ داناون سەرکەوتنیان نزیکە، هەواڵی خۆش دەبیستیت.

**گوڵەگەنم:** خۆشەویستی بەزۆر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەرگاکانیش داخراو نین، بۆ حەسانەوەی خۆت گەشتێك ئەنجام بدە، ئەو کاتەی هەستت بەتەنیایی کرد پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بکە.

**تەرازوو:** گرنگە ئازایەتیت هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەوروبەرەکەت، بەڵام نەیگەێنیتە حاڵەتی ناکۆکی، ئەزموونێکی نوێ دێتە پێشت، بەوریاییەوە مامەڵە بکە، ئاگاداری تەندروستیت بە.

**دووپشك:** خۆشەویستەکەت زیاتر لەجاران پێویستی پێتە، فەرامۆشی مەکە، لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، ئەوەندەی دەتوانیت دوور بکەوەرەوە لەناکۆکی.

**کەوان:** کەسێکی خۆشەویستیت و لەبواری کارەکەتدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنیت، توانای بەڕێوەبردنی کەسانی ترت هەیە، ئارام بگرەو بڕیاری بەپەلە مەدە.

**گیسك:** بۆچوونەکانت روون نییە، هیچ بڕیارێکی گرنگ مەدەو هەولبدە پرۆژە گرنگەکانت بۆ ماوەیەك دوابخە، ئارام بگرەو کارێك مەکە هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانت لێت زویر بن.

**گۆزە:** فشار مەخەرە سەر هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەت بۆ ئەوەی بەپێی خواستەکانی تۆ بجولێنەوە، لەڕووی سۆزدارییەوە تارادەیەك خۆشەویستەکەت لێت بێزار بووە.

**نەهەنگ:** هەست بەنائارامی و دڵتەنگی دەکەیت، پەیوەندیت لەگەڵ کەسانی تردا ناجێگیر دەبێت، لەڕووی داراییەوە سودمەند دەبیت، گرنگی زیاتر بەئەندامانی خێزانەکەت بدە.

## گرنگترین یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا

# (ریال مەدرید × ئەی سی میلان

# چێلسی × ئەتلەتیکۆ مەدرید)

**هیوا قادر**

ڕۆژانی (٢٠)و (٢١)ی ئەم مانگە جەولەیەکی دیکەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوە دەچێت، ئەمەش جەولەی سێیەمە، یانەی لیڤەرپۆل کە لەدوو یاری یەکەم تەنیا سێ خاڵی کۆکردەوە ئەمجارەشیان لەسەر خاك و لەبەردەم جەماوەرەکەی میوانداری یانەی لیۆن دەکات. یانەی (لیۆن) بە ٦ خاڵ لەیەکەمی کۆمەڵەکە دایە، بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات کە بەئەنجامێکی شایستە بگەڕێتەوە فەرەنسا، بەلاّم لەم سەفەرەیدا دەبێت بزانێت بۆ گەشت کردن روو ناکاتە ئینگلتەرا چونکە یانەی لیڤەرپولیش چاوی لە سێ خاڵی یارییەکەیە.

لەئەلمانیاش یانەی شتوتگارتی ئەلمانی میوانداری یانەی ئیشبیلیە دەکات لە یاریەکدا کە ئیسپانییەکان شەڕ لەسەر ٣ خاڵی یاریەکە دەکەن و خۆشیان بەشایەنی سەرکەوتن دادەنێن دوای ئەوەی لەدوو یاری رابردوو بەئاستو بە ئەنجام یاریەکانیان بردەوەو، لە خولی ئیسپانیاش ململانێی ریال مەدریدو بەرشلۆنە دەکات.

هەروەك یانەی ئەنتەرمیلانی خاوەن ٢ خاڵ لەدوو یاری رابردوو میوانداری هاوڕێیانی (شیفشینکۆ) دەکات. یانەی (دینامۆکیڤ) کە لەیاری رابردوو بەدەست بەتاڵی لەبەرانبەر یانەی بەرشلۆنە یاریەکەیان تەواوکرد، لەبەرانبەر ئەنتەرمیلانیش دەیانەوێ ململانێی ٣ خاڵ بکەن تاکو بتوانن ململانێ گەورەکان بکەن بۆپەڕینەوە بۆقۆناغی داهاتوو. کەچی یانەی ئەنتەرمیلان بەراهێنەرایەتی (خۆزیە مۆرینهۆ) پاڵەپەستۆیان لەسەرە بۆ ئەوەی یەکەم سەرکەوتن لەخولی یانە پاڵەوانەکان تۆماربکەن.

لەیارییەکانی دیکەی رۆژی سێشەممە (٢٠)ی ئەم مانگە:

بەرشلۆنە - رۆبین کازان
ئۆلمپیاکۆس - ستاندرلیاج
ئەلکەمار - ئەرسنال
گلاسکۆرینجەرز - یونیریا
دیپرینسینی - ڤیورنتینا

لەرۆژی چوارشەممەش (٢١)ی ئەم مانگە لەنێو رووسیا یانەی (سیسکامۆسکۆ) میوانداری یانەی مانشستەر یونایتدی ئینگلیزی دەکات، ئەم یاریەش هەلێکە بۆیانەی شەیتانە سوورەکان پێ یەکیان بخەنە قۆناغی دووەم ئەوە ئەگەر بتوانن سەرکەوتن تۆماربکەن.

یاری لوتکەو گرنگی ئەم جەولەیەش کە لەوەتەی تیروپشکی ئەم پاڵەوانیەتیە ئەنجامدراوە عاشقانی تۆپی پێ بەتایبەتی لەئیتالیاو ئیسپانیا بە پەرۆشەوە لەچاوەڕوانیدان ئەویش یاری نێوان ریال مەدریدی ئیسپانیو A-C میلانی ئیتالییە، بارودۆخی یانەی میلان باش نییە گەرچی لەیاری یەکەم لەدەرەوەی یاریگای خۆی ٣ خاڵی لەیانەی مەرسیلیای فەرەنسی دەستکەوت، بەلاّم لەیاری دووەم لەنێو (سانسیرۆ) دۆرایە یانەی (زیورخی) سویسری، لەم یاریەشدا یانەی میلان دەیەوێت نیشانی هەموو لایەکی بدات کە لاشەیەکی بێ گیان نیە، یانەی شاهانەش بەهەموو ئەستێرەکانیەوە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هیچ یانەیەك نابێتە بەربەستی بۆ بەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ئەم وەرزە.

لەیارییەکانی دیکەی رۆژی ٢١ی ئەم مانگە:

یۆڤەنتس - مەکای حەیفا
بۆردۆ - بایرن میونخ
فۆلسبۆرگ - بەشکتاش
چێلسی - ئەتلەتیکۆمەدرید
زیورخ - مەرسیلیا



## دیمەنی جوان لەیاریگای یانەی هەولێر بیندران



**هیوا قادر زادە**

کاتێك (سلڤیۆ بەرلسکۆنی)و (عەبدوڵلا گوڵ)و سەرۆكو کەسایەتیە سیاسییەکانم دەبینی لەنێو یاریگاداو سەیری یاری هەڵبژاردەکانیان یاخو یانەکانیان دەکەن، دیمەنێکی زۆر جوان بوون. کاتێکیش لەیاری نێوان یانەی (هەولێر)و (کوێتی) کوێتی سەرۆکی هەرێمو چەند کەسایەتییەکی سیاسی دیکە لەنێو یاریگا ئامادەبوون ئەمە جێگای خۆشحاڵییەکی گەورەیە. هەولێر لەم پاڵەوانیەتییە ماڵئاوای کرد، بەلاّم ئەو دیمەنانەی لەنێو یاریگادا بیندران جێگای سەرنج بوون. ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم لەنێو یاریگادا، ئاوردانەوەو پاڵپشتی کەسایەتییە سیاسییە گەورەکانە لەوەرزشو ئەم پاڵپشتیەش بەشێوەیەکی ئیجابی بۆ داهاتووی وەرزش لەم هەرێمە رەنگ دەداتەوە.

شکاندنی ئابلۆقەی وەرزشی لەسەر ولاّتی عێراق بەیاری نێوان (هەولێر)و (کوێتی) کوێتی لەشاری هەولێریش، گەورەیی ئەم شارەو یانەکەی نیشان دەدات، بەڵگەیەکی روونیشە بۆ پێشکەوتنی وەرزشی تۆپی پێ لەهەرێمی کوردستانو هەنگاوێکە دەبێت هەموو کوردێك شانازی پێوەبکات.

هەولێر لەیاریەکەدا بەئەنجام دۆڕا، بەلاّم ئاستێکی بەرزی پێشکەشکرد. ئەمە جگە لەوەی لە دەرەوەی یاریگای خۆیشی بەئاستو ئەنجامێکی باش لەکوێت گەڕابووەوە. بێ متمانەییو تاڕادەیەکیش بێ بەختی بوو کە یانەی هەولێر نەیتوانی خۆی لەچوارگۆشەی زێرینی جامی یەکێتی ئاسیا ببینێتەوە. وەرزش هەوێنی یەکتر قەبوڵکردنو لەیەکتر نزیکبوونەوەیە، لە هەر یاریەکیش دۆڕاوو براوە هەیە، لەم یاریەشدا هەولێر دۆڕا، بەلاّم گەورەیی هاندەرانی کورد بەڕوونی دیاربوو کە بە چەپڵە لێدان پیرۆزباییان لەیانەی براوەی میوان کرد. ئەم گیانە وەرزشییە بەرزەی هاندەران چاوەڕانی دووبارەبوونەوەی دەکەین لە هەموو کاتێکدا. ئەم دیمەنەی قەبوڵکردنی دۆڕانو پیرۆزبایی کردن لەیانەی سەرکەوتوو، یاری هاتی قۆناغی هەشتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای ساڵی (٢٠٠٠)ی بیرهێنامەوە کە یانەی مانشستر یونایتد بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە سێ گۆڵ دۆڕایە یانی ریال مەدریدی میوانی، کەچی هاندەرە ئینگلیزییەکان بە چەپڵەلێدان پیرۆزباییان لەیانەی ریال مەدرید کرد.

## هەواڵە وەرزشییەکان

**ئا/ عەبدولرەحمان ئادەم**

### پالاّوتنی هەڵبژاردەکانی لاوانی ئاسیا لە هەولێر بەڕێوەدەچێت

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا رەزامەندی کرد لەسەر ئەنجامدانی یارییەکانی پالاّوتنی گروپی سێیەمی پالەوانیەتی تۆپی پێی لاوانی ولاّتانی ئاسیا لەشاری هەولێر، کە رۆژی ١١/٣١ بۆ هەڵبژاردەکانی (عێراق، کوێت، سعودیە، عومان، هندستان، ئەفغانستان) دەکرێت، دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوێتی ئامادەنەبوو یارییەکانی پالەوانیەتی ئەم گروپە لەئامێز بگرێت.

### یاریزانانی کورد چەندین ملوانکە بەدەست دێنن

هەڵبژاردەی عێراق بۆ گۆڕەپانو مەیدان بەشداری کرد لەپالەوانێتی عەرەبی کە لەولاّتی سوریە بەڕێوەچوو، کە تیایدا چوار یاریزانی کورد لەخۆگرتبوو یاریزانەکانیش (گولستان مەحمود لەراکردنی ٤٠٠م توانی ملوانکەی زێر بەدەست بهێنی، بەهار خسرۆ ملوانکەی زیو، دانا حوسێن لەراکردنی ١٠٠م بەربەست ملوانکەی برۆنزی بەدەستهێنا).

### خولی سەرۆکی هەرێم بۆ تیپە میلیەکانی مەخموور کرایەوە

رۆژی ١٠/٢ خولی سەرکەوتنی سەرۆك بارزانی بۆ ٣٦ تیپی تۆپی پێی سنووری شارۆچکەی مەخموور دەستی پێکرد، کە ناوەندی چالاکی پێگەیاندنی لاوانی مەخموور پێی هەڵدەستێت، کە رۆژانە چوار یاری لەیاریگای چیمەنی دەستکرد بەڕێوەدەچێت.

### کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بوونە پاڵەوانی نیشانەشکێنی کوردستان

کچانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانیان پلەی یەکەم بەدەست بهێنن لەپالەوانێتی نیشانە شکێنی کوردستان کە لەرۆژی ١٠/٩ لەهۆڵی یانەی سەنحاریب بەڕێوەچوو بەبەشداری یانەکانی (دهۆك، سەنحاریب، پیرس، ئەرارات، هەولێر، پێشمەرگەی سلێمانی).

## (ئیسماعیل محەممەد) وەرزشوانی دێرینی شاری مەخموور:

# یاریزانی ئێستا بیر لە مادده دەکەنەوە

**وەرزشوانی دێرینی شاری مەخموور (ئیسماعیل محەممەد قادر) لەساڵی ١٩٦٤ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە، ئێستاکە پیشەی مامۆستایە، ماوەی چەند ساڵێکە دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی مەخموورە، بە باشمان زانی ئەم دیمانەی لەگەڵ سازبکەین.**

**دیمانە: جەلال خەیلانی**



*** لەکەیەوە لەگەڵ وەرزش تێکەلاّو بووی؟**

- لەساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ تیپی وەرزشی مەخموور یاریم دەکرد ئەوکات یانە نەبوو لەمەخموور لەگەڵ شەهید (عەزیز قادر) کە راهێنەر بوو ئەوکات، ئەو بوو هانی دام کە ببم بە یاریزان هەروەها لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستاموحسین کەریم).

*** لەو ساڵانەی تەمەنت لەگەڵ هیچ یانەیەك یان بانگێش نەکراوی؟**

- من لەساڵی ١٩٧٩ تاکو ١٩٨٥ یاریم کرد لەگەڵ تیپی خانەی مامۆستایانی هەولێر لەساڵانی ١٩٨١ تاکو ١٩٨٣، لەساڵی ١٩٨-١٩٨٥ لەگەڵ تیپە میللییەکانی گەڕەکی عارەبان ئەوکات (نەجمەدین) سەرپەرشتی دەکرد کە ئێستا سەرۆکی یانەی (قەلاّ)یە.

*** ئەوکات لە کێ یاریتان دەکرد؟**

- ئەوکات ئێمە یاریمان دەکرد لەناو قوتابخانەی قەراج، چونکە لەمەخموور یاریگای باش نەبوو هەمووی خۆڵو بەرد بوو، وەك ئێستا نییە هەمووی چیمەنو مۆدێرنن.

*** ئایا ئەوکات وەرزش لەمەخموور پێشکەوتووتربوو یان ئێستا؟**

- ئەوکات ئێمە یاریمان دەکرد زۆر خۆش بوو، چونکە یاریزان بۆ خۆشی خۆی یاری دەکرد، بەلاّم ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو یاریگا باشانە، بەلاّم یاریزان بیری هەر لەسەر ماددیە هەمووکات دەڵێن فلان یاریزان ئەوەندەی پارەی وەرگرتووە، بەلاّم لەرووی یاریگا ئێستا پێشکەوتووترە.

***سەردەمی زێرینی وەرزش لەمەخموور بەرای تۆ کەی بوو؟**

- سەردەمی زێرین ئەوکاتەبوو کاتێ هەردوو تیپی (ئاشتیو قەرەچووغ) هەبوو کە ئەو دوو تیپە یاریان بکردایە هاولاّتییانی مەخموریش ئامادەی یاریگا دەبوون بە کاتژمێرێك پێش یاری بێجگە لەوەرزشوانان، بەلاّم ئێستا یاری دەکرێت هەر کەس نازانێ کە یاری هەیە، چونکە قودسیەتی یاریو یاریگا نەماوە.

*** بەشداری کچان چۆن بوو؟**

- بەڵێ بەشداریان هەبوو بەلاّم تەنیا چەند کەسانێك بوون، بەلاّم ئێستا بەرێژەیەکی باش بەرچاو دەکەون لەفیستڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی مەخموور، دەست خۆشیان لێ دەکەم، چونکە ئەو تۆقەیان شکاندووەو هاندەرێکی باشن بۆ پێشکەوتنی وەرزش.

*** ئەوگرفتانەی کە دەهاتنە پێشتان چی بوو؟**

- گرفتەکان نەبوونی جلوبەرگی وەرزشیو نەبوونی یاریگای باش، بەلاّم ئێستا سەرەڕای ئەو هەموو یاریگایە مۆدێرنە یاریزانی باش کەمە.

*** دەکرێ بزانین کێشەی وەرزش لەمەخموور چییە؟**

- کاتی دوو یانە هەبوو هەندێك کێشەی لاوەکی هەبوو ئێستا بوونە بە یەك یانە کێشەکان نەماوە دەستەی کاتی لە هەردوولا پێکهاتووە ئەمەش هۆکارێکی باشە بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتی وەرزش لەناوچەکەمان.

*** ئەویاریانەچین لەمەخموور دەکرێن؟**

- زۆر یاری دەکرێت لەوانە (تۆپی پێ، تۆپی دەست، تۆپی باسکە، بالە، تێنس، بلیارد).

*** چی بە یاریزانانی مەخموور دەڵێیت؟**

- من پێیان دەڵێم بیر لەماددەو مەنسەب نەکەنەوە تەنها بیر لەوەرزشی شارەکەیان بکەنەوە، شارەکەیان ببەنە لوتکە.

# پاڵەوانێتی دامە لەشاری هەولێر بەڕێوەدەچێت

**عەبدولرەحمان ئادەم**

بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشو لاوان لەرۆژی ٢٠٠٩/٩/١٢ لەهۆڵی زەردی شاری هەولێر بە بەشداری کردنی ٣٢ یاریزان پاڵەوانێتی دامانێ بەڕێوەچوو.

لەمیانەی ئەم پاڵەوانیەتییەو دوای رکابەریەکی بەهێز هەردوو یاریزان (محەممەد ئیبراهیم)و (شەمسەدین موشیر) توانیان بگەنە یاری کۆتایی، لەئەنجامدا یاریزان (محەممەد ئیبراهیم) توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. خەلاّتی پلەی یەکەم بریتی بوو لەبڕی ٣٠٠ هەزار دینار، خەلاّتی پلەی دووەمیش بڕی ٢٥٠ هەزار دیناری وەرگرتو یاریزان (مەسعود جەوهەر)یش توانی پلەی سێیەم بەدەست بێنێتو بڕی خەلاّتەکەشی ٢٠٠ هەزار دینار بوو.

جێگای دەستخۆشییە کە بەڕێوەبەرایەتی وەرزشو لاوان گرنگیەکی زۆر بەم جۆرە یارییە رەسەنە کوردەواییانە دەداتو هیواداریین کەوا لەسەر ئاستی کوردستانیش پاڵەوانێتی بۆ ئەو یارییەو یارییە کوردەواییەکانی دیکە بکرێتەوە. لێرەدا ئەنجامی ١٠ یاریزانی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوەیە کە لەلایەن ئامادەبووانەوە خەلاّتی تایبەتیان پێدرا:

١ - محەمەد ئیبراهیم
٢ - شەمسەدین موشیر
٣ - مەسعود جەوهەر
٤ - هادی مەجید خالند
٥ - سەدیق ئەحمەد
٦ - رەسەن ئەحمەد
٧ - نزار ناسیح
٨ - سەلام شێرزاد
٩ - محەممەد شێرزاد
١٠ - رۆستەم ساڵح



بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود
٠٧٥٠٤٦٠ ٧١٨٣

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥ ٥٤٦٣

دەستەی نووسەران
خەلیل پالاّنی
عەبدولرەحمان ئادەم
فەرمان محەممەد

پەیامنێران
جەلال خەیلانی
چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور